# رازی دوو شـــەیـدا

مـسـتـەفـا چـوارتـایـی
chuartaiy@gmail.com



کورِ:

دەشێت تۆ فریشتەی خوابی
بویتە سرووشی هۆنراوەم
نەک هەر ئەوە
دڵی وێران و کەلاوەم
مەگەر تەنیا تۆی تێدابی

کچ:

ئەوە زانیم وەک فریشتە
سەیرم دەکەیت
سرووشی هۆنراوەکانتم
بەو شیعرانە
مەستم دەکەی
ئەی وەکو ژن چۆن دەمبینی
جوانم، ناسکم، نیانم
دەتوانی کە دانی پیانێی
بلێی بە جوانیت
سەرسامم؟

کوڕ:

سەیرە لەلام
باسی خۆتم لێ دەپرسی
وادەزانی
من نابینام
بۆچی لە دنیادا هەیە
لە جوانیدا
بلێ .... م

وەکو ژنیش
بێگومان ناسکترین و جوانترین ژنی جیهانیت،
وەکو ژنیش
تۆ نموونەی میهرەبانیت
بەرزی بەژن وبالاو ڕێکیت
ئەو جووتە چاوە مەستانە
ئالی وەک شەرابی پێکیت
پێش خواردنەوە
پیاو مەست دەکەی
ئەگەر ئاگای لەخۆی نەبێت
شێتی دەکەی

ئەوە خۆ نەرمونیانییت
باس ناکری
تۆ دەرکەوی
خۆر بۆخۆی شەرم دایدەگرێ
تکا لەهەوری ڕەش دەکا
یاریدەی با
تا کو نەڵێن
خۆر دەبەزێ و
جوانییەکەی
...... دەیبا

سەیرە لەلام
پرسیاری خۆتم لێ دەکەیت
وادەزانی
من نابینام
بۆ ژن هەیە لە دنیادا
بڵێ ...............م

کێ هەیە کە ئەستێرە و مانگ
لەرووی ئەو
سەردانەوێنن
کێ هەیە
بولبول و گوڵزار
تەنیا هەر بۆ ئەو بخوێنن
کێ هەیە کە سرووشت بۆخۆی دانی پیانێ
بڵێ بمبورە نەمزانی
کە لەمن جوانتر خوڵقاوە
خوا دەیزانێ

ئەوە تۆی، ئەی
ئەی جوانترین بوونەوەری
ئەم گەردوونە
گەر تۆ نەبی
ژین نەماوە و
ئاخر زەمانە و
تیاچوونە

کچ:
دەترسم ماندووم کردبی
یان دواکەویت، لە ژوانێکم کردبیت
گەر دەتەوێت
پشوو بدە
با من بڕۆم ئاسوودە بە

كوڕ:

تۆ چی دەڵێی
لەگەڵ تۆ چۆن ماندوو دەبم
گۆی زەوەی بە پێ بگەڕێم
وادەزانم
نەبزواوم
لەجێێ خۆمم، فیدات دەبم

كچ:
دەزانم ئێستە
لەسەر ڕێی
سیندیبادی، ماجەلانی؟ ئاسان گۆی زەوی دەگەڕێی
دەترسم ئەم بەڵێنانە
تەنها گوتار و وشەبن
سبەی ئاسان لەبیرم كەی

كوڕ:
هە تا ڕۆژێ تەمەن مابێ
ئەو پەیوەندییە
ناپسێنم
دڵنیابە
دڵنیابە، چۆنت دیوم
وەفادارم، وادەمێنم
كچ:
ئاخر حەز ناكەم نامۆبم
نامۆیی بۆ من گرانە
جێیەكی ئارامم بەسە
تیای بسرەوەم لەم جیهانە
چیم لێ دەكەیت
ئەگەر ویستمان
نیشتەجێ بین
بڵێ گیانە
كوڕ:

ئەو کاتە لە باخی دڵما
ئەتخەوێنم
نایەڵم شنەی شەماڵیش بێ بەلاتا
کە پێویستبوو
خۆم بە ماچ هەڵتدەستێنم

کچ:
ئەوەی دەیڵێیت
ژیانی فریشتەکانە
ئاواتی گشت مرۆڤێکە
هەزار ساڵ بەو جۆرە بژین
واهەست دەکەین کە رۆژێکە

کورِ:
خۆزگە لەم دنیای روونەدا
هی من دەبووی
بتزانیبا
ئەو بەهەشتەم بۆت دەخوڵقاند
ئای چەندە بەختەوەر دەبووی!!

کچ:
رۆژگار ئەو بەختە پیداوین
یەک ببینین
با بزانین
قەدەر بەرەو کوێمان دەبا
گیانی شیرین

کورِ:

خۆزگە من هەر نەبوومایە
نەهاتمایەتە ناو جیهان

که هاتیشم
نەمبینیایە
خەم و نەهامەتی ژیان
که هەر بینیم
من دەبوایە تۆ نەبینم
که بینیمی
دەربچوایە گیانم ئاسان

کچ:

پێم بڵێ بۆ وارەشبینی
خۆ کۆتایی دنیا نییە
بۆ ئەم گرفتەی من و تۆ
کێ دەڵێ:
چارەیەک نییە
بە خەنجەری چارەنووسە
منیش هەر وەک تۆ
کەلەلام
منیش هەر وەک تۆ بە تاسەم
ئێستا دێم لەگەڵت، بەلام ................

کوڕ:

ئەو بەڵامەت
دەیان واتا لەخۆ دەگرێ
من لە یەکیکیان تێ بگەم
گیانم دەمرێ
لە خەوێکی یەکجار خۆشدام
توخوا بەئەگام مەهێنە
وەکو شەهیدێکی گومناو
لەبەر درگای دڵدا
نووستووم
چاوەڕێی زیندووبوونەوەم
تارۆژی خۆی

كوردستان نێت
Kurdistannet كوردستان نێت

لێمگەڕێ
هەڵمەستێنە

کچ:

زۆر شت هەر بە دەست مرۆڤە
ئەو لاوازە و
زیاد لە پێویست
خۆی هۆگری ئاخ و ئۆفە
ڕەشبین مەبە
دڵنیابە و ئاسوودەبە

کوڕ:

ئاخر من چۆن
ڕەشبین نەبم
خۆت لەمن باشتر دەزانی
بەربەستەکە، هێند گەورەیە
تێکناشکێ
بە ئاسانی

کچ:

کولانتەوە
برینی کۆنی چەند ساڵەم
من پەپولەی تەمەن کورتم
یا خونچەی قەدی
گوڵاڵەم
فرمێسکم بۆ ڕاناگیرێ
زۆر دڵتەنگم
کەوا ئەسیری ئەم حاڵەم

کوڕ:
خۆزگە دەبوومە هەنگێک و
بەسەر
گۆنای ئاڵی تۆوە
دەنیشتمەوە
وەک شیلەی گوڵ
فرمێسکەکانتم هەڵدەمژی
دەمکردنە جۆرێ هەنگوین
سەدان دڵی دەردەدارای بێ هیوای پێ چاکبنەوە

تۆ ئەمڕۆ
وا دڵمت گوشی
خوێنهێنەرێکم وەستاوە
بیر و هەستم پەرش وبڵاو
هێز لە گیانمدا
نەماوە
وشەکانی دوایی بوو کە
پێی نووسیمەوە
هۆنراوە
ئاخ وا دڵم کەوتە ئازار
هەست دەکەم
تەمەنم تەواو
دەرۆم بەرەو دۆزەخی تار

کچ:
خوا قەد ئەوە نەکا گیانم
ها دەست دەخەمە سەر دڵت
ئازارەکەی ناودڵی تۆ
بابێتە ناو دەستەکانم
بمبورە کە
خەمم دایتێ
بە راستی من پەشیمانم

کوڕ:

**که دەستت خستە سەر دڵم**
**گیان گەڕایەوە**
**بۆ جەستەم**
**وتم ئۆخەی کە نەمردووم**
**هێشتا خاوەنی ئەو هەستەم**
**ئێستا کە ماوم و دەژیم**
**قەرزاری**
**گەرمی ئەو دەستەم**

.......................................................

ئەم راز و نیازە کۆتایی نایە ـ  ئەڵمانیا ـ 1 ـ10ـ 2006